# گەواڵەکان بیڕەدا ڕەتدەبن

سەلام عومەر

دەڵێن وشکبوونەوەی زەوی و زەردهەڵگەڕانی گوڵە نیسانییەکان قوربانیی تێپەڕینی ئەو هەورە بێ بارگاویانەن کە لە هەفتەکانی ئەم مانگەدا دووبارە دەبنەوە, دەڵێن 18 ساڵە هەر هەورێك لە بیابانەوە دێ و بیڕەدا بەسەر پێدەشتەکانی ئەم نیشتمانەدا ڕەتدەبێ بروسکەو ناڵەیەکی ئاگرینی لێ هەڵدەستێ, وردە بارانێکی پێیە هەر لە فرمێسکی جووتیارو گریانی ژن و منداڵ و ئەولاوە وشك بوانە دەچێ کە 18ساڵ لەمەوبەر خوێنیان پژا, دەڵێن ئەم نمە بارانە سووربا وانە هەر بۆ ئەو گوندانەن کە ئەوێ ڕۆژێ خاپورکران, ئەو ڕۆژانەی گرمەی تۆپ و زرێپۆشەکانی سوپای ئەنفال هەورە بارگاوییەکانی شەق دەکردو وڵاتێکی نغرۆی تاوان دەکرد, ئیلهامیان لە کتێبە ئاسمانییەکانەوە وەردەگرت بۆ دەسکەنەکردنی گیانی منداڵە گوناهەکان و ئەولاوە خێر لە خۆ نەدیوانەی ئەنجن بەئەنجن کران, پێیان وابوو مرۆڤەکانی ئێرە هەر هەموو یاخییەکانی خێڵە لماوییەکانی ئەوێن و دەبێت بچنەوە ژێر ئەو بیابانەی ڕەتبوونی گەواڵەکانی لێیە.

ئەو ڕۆژانە تەنها 18 ساڵ لەمەوبەر بوو, ویژدانی مرۆڤایەتی لەگەڵ گەواڵەکاندا بیڕەدا ڕەتبوون, هیچیان پێنەبوو جگە لە ڕق, جگە لە وەراندنی گیانی 182 هەزار مرۆڤ و بە دوای خۆیدا وشکە ساڵیان بەخشی, هەر لەو کاتانەدا ئەو دەمامکەیان لێ بەربۆوە کە رووخسارە ناشیرینەکانی وەك خۆی و بە نهێنییەکانی ئەنفالیش ناساندین.

ڕەتبوونی گەواڵەکان لەم مانگەدا, جووتیارەکان تووڕە دەکا, گەورەیی گوڵەکان دەبا و قوربانییەکان دەبارێنێ, ئێستا ئێسقانە وردو خاش بووەکان و جل و بەرگە کون کون و ڕزیوەکانی ژێر لمە داغ بووەکەی ئەوێ لە ناو بوونیاندا ئێمەیان ونکردووەو بە ئازادی ئێرە نازانن, گیانەکان لە هەفتەکانی ئەم مانگەدا بیڕەدا ڕەتدەبن چیرۆکی ڕووداوەکان بە گەواڵەکان دەسپێرن, ئەو گەواڵە وشك و بێ بارگاویانەی تەرمان ناکەن, بایەکی لەگەڵ دایە هەر لە هەناسە ساردەکانی دایکان دەچێ و خۆیان بە کۆشك و تەلارە هەڵچنراوەکاندا هەڵدەواسن و ئاهو نووزەڵەیان هەموو ساڵێ لە هەفتەکانی ئەم مانگەدا دێتە بەر گوێ, ئێستاش لەپاشی زیل و ڕستەی چەکدارە بەرگ مغاویرییەکان دەترسن و پێیان وایە ئەو مەرگەساتانەی 18

ساڵ لەمەوبەر ئەوانی وەراند دووبارە بوونەوەی هەیە, ئێسقانە هەڵاتووەکان دەڵێن کردەکانی ئەنفال ئەوانەی ئەویٚ رۆژێ ئێمەیان سوتاند هەر ماون! ئێستا لەپەناو پەسێی وڵاتە پڕ لە لمو هزرە ژەهراوییەکاندا پلان بۆ ونکردنی ئێمەو ئەو زیندووانە دەگێڕن کە لەوێ لە ناوی ناوەوەی ئەو شوێنەی بڕیاری ئەنفالی لێدەچوو هەوڵی تێکەڵکردنەوەی سنوورەکان دەدەن, دەیانەوێ جیاوازییەکانی ئێرەی چیاو ئەویێ بیابان تێکەڵکەنەوە, ئێمە بە مێژوو ئێوەش بە قەدەرێك بسپێرن کە هەر لەو هەورانە دەچن کە بێرەدا رەتدەبن, بە ئاسمانی ئەم وڵاتەدا دێنو چاویان لەو چیایانە بڕیوە کە بەسەر ئەواندا دەڕوانن هەر هەموو ئێوەیان ناوێ, ئەوان پاشماوەی کردەی ئەنفالنو ئایندەی ئەم وڵاتە لە نەخشو هزرەکانی کتێبە ئاسمانییەکاندا هەڵدەهێنجن, هەر بۆیە هەموو ساڵێ لە هەفتەکانی ئەم مانگەدا گەواڵەکان بیرەدا رەتدەبن.

dengekan